Kurdistan Region
Council of Ministers
Ministry of Human Rights
General Directorate
Media Directory

حكومەتی هەرێمی كوردستان
سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی مافی مرۆڤ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن

ژمارە :

ڕێكەوت : / / ٢٠٠٩

## لە ئاسایشی گشتی سلێمانی كۆمیتەی داكۆكیكار
## لە سەروەری یاسا دامەزرا




بە مەبەستی بەدواداچوون و بەسەر كردنەوەی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە دەزگاكانی ئاسایشی هەرێمی كوردستان، ئەمڕۆ ٢٠٠٩/٥/١٩ بەڕێز د.شوان محمد عزیز وەزیری مافی مرۆڤ بە یاوەری ژمارەیەك لە پسپۆڕانی بواری مافی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی كرد و بە گەرمیەوە لە لایەن حاكم قادر حەمەجان بەڕێوەبەری گشتی ئاسایش پێشوازی لێكرا.

لە دەسپێكی گفتۆگۆكاندا لەم دیدارە وەزیری مافی مرۆڤ باسی لەو هەوڵەبێشومارانە كرد كە بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ دەنوێنرێ و دەزگاكانی ئاسایش –یش بەشێكە لەم سیستەمە و واش بەرچاو دەكەوێ كە گۆڕانكاری باشیش كراوە لەم بوارەدا...




جارێکی تریش ئاماژەی بە راپۆرتەکەی رێکخراوی ئەمنستی ئەنتەرناشنال دا و دووپاتیشی کردەوە کە دەبێ هەر کەسێك کە دەگیرێ بە بڕیاری دادوەر بێت.. رۆلی ئەم دواییەی بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی بەرز نرخاند بەتایبەت دەرگاکردنەوەی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن کە راستەوخۆ لەگەڵ زیندانیەکان رووبەروو قسە بکەن، ئەمەش دەبێتە بەشێکی گرنگ بۆ بنیاتی دیموکراسیەت و پاراستنی ماف مرۆڤ، لە بەرامبەردا بەرێز حاکم قادر حەمە جان باسی هەنوکەیی کارەکانی دەزگاکەی کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لەم بەرێوەبەرایەتیە کۆمیتەیەك دامەزراوە بە ناوی (کۆمیتەی داکۆکیکردن لەسەروەرییەکانی یاسا) کە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تیادا بەشدارییان تێدا کردوە و لە هەموو ئەو کارە یاساییانە دەپێچێتەوە و داکۆکیش لە بنەڕەتە یاساییەکان دەکات...

هەروەها بەرێوەبەری گشتی ئاسایش دووپاتیکردەوە کە ئەو زەمەنە بەسەر چوو مەسەلە یاساییەکان بە نهێنی بێت ، بەڵکو دەبێ هەموو شتێك شەفافانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ، چونکە رۆژانە رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان

Kurdistan Region
Council of Ministers
Ministry of Human Rights
General Directorate
Media Directory

حکومەتی هەرێمی کوردستان
سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران
وەزارەتی مافی مرۆڤ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی راگەیاندن

ژمارە :

رێکەوت : / / ٢٠٠٩

بەدواداچوون و زانیارییەکان لەسەر رەوشی زیندانیان و بەندیخانەکان وەدەست دەهێنن،جا چاکتروایە دەرخستنی ئەم راستیانە لە لای خۆمانەوە بێت.

هەر لەم سەردانەی وەزیری ماف مرۆڤ بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی سلێمانی چاوی بە داواکاری گشتی کەوت  کە بە بەردەوامی بەدواداچوون بۆ مەلەفەکانی ئاسایش و بەندیخانەکان دەکات و لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشەکەیە  و لە مەسەلە یاساییەکان دەپێچێتەوە.

هەر لەم رەوانگەیەوە حاکم قادر حەمەجان داوایکرد کە زەروریەتە وەزارەتی ماف مرۆڤ بە بەردەوامی سەردانی ئاسایش و بەندیخانەکان بکەن تا لە نزیکەوە لە کەموکورتیەکان ئاگادارمان بکەنەوە بەمەبەستی چاکسازی کردنی.

لە وەڵامی چەند پرسیارێکی کارمەندانی بەرێوەبەرایەتی ماف مرۆڤ کە رووبەرووی بەرێوەبەری گشتی ئاسایش کرایەوە لەمانە کە بەندیخانەی نهێنی هەیە...بەرێزی گوتی:

دووپاتیشیدەکەینەوە و بەراشکاوی پێتاندەڵێین زەمەنی بەندیخانەی نهێنی بەسەر چوو و هیچ بەندیخانەیەکی نهێنی لە سنووری پارێزگای سلێمانی نیە..

ئینجا وەزیری ماف مرۆڤ بەیاوەری بەرێوەبەری گشتی ئاسایش/ داواکاری گشتی سەردانی هۆڵی هەر دوو بەندیخانەی ئاسایشی گشتی و ئاسایشی سلێمانی کە (کانی گۆمە) کرد و لە نزیکەوە رووبەروو لەگەڵ زیندانیان گفتوگۆ کرا و زانیاری تەواو لەسەر چۆنیەتی گیرانەکانیان تاوتویکرا.

ئەوەی لەم سەردانەدا بۆ بەندیخانەکان تێبینی کرا ژمارەی زیندانیەکان بوو کە بە رێژەیەکی بەرچاو کەمبۆوە.